شەرع دان بە بڕیاری زەری ماف و داواکارییەکانی کوردی سووریا دەنێت



سەرۆک کۆماری سووریا فەرمانی ژمارە 13ـی ساڵی 2026 ـی دەرکرد، تێیدا دان بە بڕیاری زەری ماف و داواکارییەکانی کوردی سووریا دەنێت لەوانەش؛ خوێندن بە کوردی و بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی و جێژنی نەورۆز.

ئاوەنێ: سەرۆکایەتیی کۆماری سووریا ڕایگەیاند: مەرسوومێکی تایبەت بە پێکهاتەی کورد لە سووریا دەکرد کە لە چەند ماددەیەک پێکهاتووە، بەپشتبەستن بە بگەکانی جاڕنامەی دەستوور و بڕیاری مەرجەکانی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی هاوکات لەسەر ٢٠٢٥ و بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە پێشخستنی یەکێتی نیشتمانی و دامەزراندنی مافە کولتووری و مەدەنییەکانی هەموو هاووڵاتیانی سووریا.

مەرسوومەکە پێکهاتووە لەم ماددانە:

یەکەم: هاووڵاتیانی کوردی سووریا بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاون لە گەلی سووریا و شوناسی کولتووری و زمانەوانییان بەشێکی دانەبڕاون لە شوناسی نەتەوەیی یەکگرتوو و هەمەچەشنی سووریا.

دووەم: دەوڵەت پابەندە بە پاراستنی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی هاوکات مافی هاووڵاتیانی کورد بە زیندووکردنەوەی کەلەپوور و هونەرکانیا و پەرەپێدانی زمانی دایکیان لە چوارچێوەی سەروەری نتەوەیی دەستبەر دەکات.

سێیەم: زمانی کوردی زمانکی نیشتمانییە و دەگەڵ پەراوێ خوێندن لە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان لەو ناوچانەی کورد دەژیەکی بەرچاوی دانیشتوان پکدەهێنەت بە زمانی کوردی بێت وەکو بەشک لە پرۆگرامی ئارەزوومەندانە یان وەک چالاکیەکی فەرهەنگی و پەروەردەیی بخوێنرێت.

چوارەم: کارکردن بە هەموو یاسا و دەوشوێنە تایبەتەکان کە لە ئەنجامی سەرژمێری ساڵی 1962 لە پارێزگای حەسەکە هەڵدەوەشێنەوە. دەگەڕنامەی سووری بە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی بە دەچەک کوردن و نیشتەجێی سووریان، لەوانەش کە لەدایکبوونیان تەمار نەکراوە، بە یەکسانییەکی تەواو لە ماف و ئەرکەکاندا.

پێنجەم: جەژنی نەورۆز (21ی ئاداری هەموو ساڵک) پشووی فەرمییە لە سەرانسەری کەماری عەرەبی سووریا، وەک جەژنکی نیشتمانی کە هەمای بەهار و برایەتییە.

شەشەم: دەبێت میدیای دەوڵەت و دامەزراوە پەروەردەییەکان پابەندن بە گرتنەبەری گوتارکی نتەوەیی گشتگیر، بەپێی یاسا هەر جۆرە جیاکارییەک یان دوورخستنەوەیەک لەسەر بنەمای نتەوە یان زمان قەدەغەیە و هەرکەسک هانی ناکۆکی نتەوەیی بدات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان سزا دەدرێت.

حەوتەم: وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرپرسن لە دەرکردنی دەنمایەی جەبەجەکارییە پێویستەکان بۆ جەبەجەکردنی ئەحکامەکانی ئەم مەرسوومە، هەر لایەنەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی.

هەشتەم: ئەم مەرسوومە لە دەگەڕنامەی فەرمیدا بڵاودەکرێتەوە و لە دەکەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت.

ئەوەی پێویستە بیزانیت: لەسەروبەندی واژەکردنی مەرسوومەکە، شارع لە پەیامکی کورتی ڤیدیۆیدا کوردی بە نەوەی سەلاحەددین ناوبرد و هەشداریدا باوەڕ بەو دەنگیانە نەکەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن حکومەتی سووریا خراپەی کوردی دەوێت و هایگیاند: هەر کەسک ئازارتان بدات دوژمنی ئەمێە تا دەژی دوایی. ناوبراو داوای کرد کە کوردەک کەچی بە زەرملە و ناچاری کەچی دەرەوەی کردووە بگەڕێتەوە

سووریا هاوکات داوایکرد بەشداربن لە بونیادنانی وەتەکە.